# خواژنی دوێنێ، کۆیلەی ئەمڕۆ[1]

## (بەشی یەک)



نیگار عینایەتی

کاتێ بمانەوێ لەو هۆکارانە بکۆڵینەوە کە کاریگەرییان لەسەر لابردنی چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووریی ژندا هەبووە، پێویستە بەگشتیی سەرنج بە هێزی ئینسانی و لێوەشاییی لەهەموو بوارەکان بدرێ، بەم پێیە باسکردن لە ڕۆڵی ژن و پەیوەندیی لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگادا دەبێتە بابەتێکی گرینگ و حاشاهەڵنەگر. لەبەر ئەوەی کە لەم چەند سەدەیەی ڕابوردوودا ڕۆڵی کارای ژن لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا وەک نیوەی کۆمەڵ، توانیویەتی قورسایی خۆی نیشان بدا و نکۆڵیی لێنەکرێ.
ئاراستەی وتارەکە رووی لە کۆمەڵگای کوردستانە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا. بەسەرنجدان بە تایبەتمەندییەکانی ئەم ناوچەیە لەرووی کۆمەڵایەتییەوە و لەوێشدا بەتایبەتیی کۆمەڵگای کوردستان، ئەوە دەردەکەوێ کە هێندێک لە فاکتەرەکانی سەرکەوتنی ژن لە وڵاتانی پێشکەوتوو لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایەدا ناگونجێ و پێویستە بەسەرنجدان بە تایبەتمەندییەکانی خۆی بیخوێنینەوە. بۆنموونە سەرهەڵدانی رێنیسانس و چاخی پیشەکاریی لە ئوروپا سەرلەبەری ژیانی کۆمەڵایەتیی بە هەموو پێکهاتەکانییەوە گۆڕی. ڕوودانی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی و بەشداریکردنی ژنان لە کارخانەکان و پشتی شەڕگەکاندا، قۆناغێکی نوێی سەبارەت بە قورسایی تایبەتیی ڕۆڵی ژنان خستە بەردەم کۆمەڵگای ئوروپا. بەڵام ئەم فاکتەرانە لێرەدا ناتوانن ببنە پێوانەیەک بۆ خوێندنەوەی پێگەی ژنان لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بەتایبەتیی کوردستاندا. پاش ئەوەی شەپۆلەکانی گەشەی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی لەچوارچێوەی فکری مۆدێرندا گەیشتنە ناوچەکە، وەکو دیاردەیەکی نوێ باڵی بەسەر کۆمەڵگاکانی بەرئاماژەدا کێشا. لەلایەکەوە داب و نەریت و لەلایەکی دیکەوە ئایینی داخراو لە ڕووبەڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ فکری مۆدێرن تووشی ململانێیەکی خەست هاتوون کە تا بەئێستاش درێژەی هەیە. قورسترین دەرەنجامەکانی ئەم ململانێیانەش کەوتوتەسەر شانی ژن. بەواتایەکی دیکە، لەم نێوەندەدا ژن پەیوەندییەکانی ژیانی لە کۆمەڵگادا نەریتییە و لەهەمانکاتیشدا لەگەڵ کەشوهەوایەکی مۆدێرنی ڕۆژئاوایی بەپێی گەیشتنی زانیارییەکان و لە ڕێگەی میدیاکانەوە ئاشنا بووە. وەبەریەککەوتنی ئەم دوو دنیایە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی قەیران لەژینگەی ژندا. لە کۆمەڵگایەکی ئەوتۆدا و لەم وەبەریەککەوتنی ژینگەی نەریتی و کەشوهەوای مۆدێرندا کۆمەڵێک خەسار و دیاردەی زەبروەشێن دەردەکەون و دەبنەهۆی دەرەنجامگەلێک کە زۆرجاران پڕبووە لە کارەسات. بۆ نموونە کە باسی بەشداریی ژن وەکو نیوەی کۆمەڵ لە ژیاندا دەکرێ، لە لایەکەوە لەژێر گوشاری فکری مۆدێرنیزم بۆ بەشداریکردن و جێگە و پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا تووشی زێدەڕۆیی دەبین و لە لایەکی دیکەشەوە لەژێر کاریگەریی نەریتە پیاوسالارانەکاندا کە بەدرێژایی مێژوو ڕەگی داکوتاوە، پاشەکشەکردن بەرۆکمان دەگرێ. خەسارەکانی ئەم ململانێیەی نێوان نەریت و مۆدێرنیزم زیاتر لە هەمووان وەبەر ژن دەکەوێ و دەیخاتە ژێر گوشاری لەرادەبەدەرەوە. هاتنی ئەندێشە نوێیەکان بۆ کۆمەڵگای بەر ئاماژەی ئێمە و دەنگهەڵبڕینی ژن لەنێو تاریکایی فکری پاوانخوازی پیاوسالارییدا، وەکو **"مافی هەڵبژاردن بۆ ژن وەکو مرۆڤ بە هەموو واتاکانییەوە، بەشداریی لە کارلێکەکانی نێو کۆمەڵگا و دامودەزگاکاندا، سەربەخۆیی لە بەدەستهێنانی بژیو و هتد"**، زۆرجاران کارەساتی لێکەوتۆتەوە. پیاوی ژێر کۆت و زنجیری نەریت و ئایین نەیتوانیوە قبووڵی ئەو مافانە بکات و لەئاکامدا بە قیمەتی بەختکردنی ژیانی ژن، خۆسووتاندن، خۆکووژی و زۆر کارەساتی دیکە تەواو بووە.
بۆ خوێندنەوەی ساتەوەختی ئێستا سەبارەت بە ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگادا، هەروەها لایەنەکانی داکەوتن و سەرکەوتنی چالاکیی ژن، بەبێ خوێندنەوەی مێژوو و هەروەها دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی شوێن و پێگەی لە مێژوودا ناتوانین خوێندنەوەیەکی ڕاست یان لانیکەم ڕوونمان بۆ چەند دەیەی ڕابوردووی ژنی کۆمەڵگای کورد هەبێ.
بەر لە هەرشتێک دەبێ دان بەوە دابنێین کە لێکۆڵینەوە و سەرچاوە زانستییەکان لە بواری کۆمەڵایەتی و کولتووریی لە کۆمەڵگای کوردیدا زۆر کەمن.
لە لاپەرەکانی مێژووی کورددا زۆر بە دەگمەن تەنانەت باسی هەبوونی ئاسایی ژن لە کۆمەڵگاکەیدا کراوە. ئەو سەرچاوانەشی کە هەن بەشی هەرەزۆریان لە لایەن ئەو نووسەرە بیانیانەوە نووسراون کە هاتوون بۆ کوردستان و ئەوە بەشەیان تۆمارکردووە کە بۆیان گرینگ بووە وهەر بەپێی بیر و باوەڕ و تێگەیشتنی خۆیان ئاماژەیان پێکردووە. ئەمەش بۆخۆی خەسار و بۆشاییەکی زانستی و لێکۆڵینەوەییە لە بەشێک لە مێژووی تۆمارکراوی کۆمەڵگای بەرئاماژەی ئێمە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لەنێو کورددا بێجگەلە **"عەبدوڵڵا ئۆجالان"** کەسێکی وا نەبووە کە بێت بابەتییانە

پرسی ژنی کۆمەڵگای کورد شرۆڤە بکات و لێبیکۆڵێتەوە. ئوجەلان لەو باوەڕەدایە کە کێشەی ژن و کێشەی نەتەوە دوو پرسی جیاوازن و ئەگەر بێت و کوردستان بە ئامانجەکانی بگات، واتە کیانێکی سیاسیی بۆ مسۆگەر بێت و پرسەکانی کۆمەڵگا یەک لەوان کێشەی ژن فەرامۆش بکرێت، ئەوە ژن دەبێ هەر لە شاخ بمێنێتەوە و درێژە بە خەباتی خۆی بدا بۆ رزگاربوون لەچنگی ئەقڵیەتی پیاوسالاری و داکۆکیی لە مافی خۆی بکات. بەپێی ئەم وتەیە، ژن دەبێ دیسان بەدژی یاسا و نەریتەکانی کۆمەڵگا کە بەدرێژایی مێژوو رەگی داکوتاوە و فکری پیاوسالاریی پێکهێناوە، بەربەرەکانیی بکات.
بەڵام بەبێ پشتبەستن بەو سەرچاوە پڕ کەموکورتیانەی بیانییەکانیش، بەڵگەیەکی وامان سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردیی و لەوێشدا ژیان و کەسایەتیی ژنی کورد لەبەردەست نابێ. لێرەدا بە سەرنجدان بەو بەڵگە و نووسراوانەی کە لەسەر مێژووی کورد هەن و نووسراون، بەشی ژنانی لێهەڵدەوێنجین و بەپێی توانا بە قوڵایی مێژوودا دەچین.


ئیشتار

ئەوەی روون و ئاشکرایە، مێژوونوسان "**مێزۆپۆتامیا** Mesopotamia"یان بە وڵاتی هیوا و گەڕان بۆ بەدیهێنانی ئازادیی ناساندووە و سەرچاوەی خەباتیان بۆ وەدەستهێنانی ئازادیی مرۆڤایەتیی، گەڕاندۆتەوە بۆ ئەم ناوچە پڕ پیتە.
مێزۆپۆتامیا وڵاتی "**ئیشتار** Ishtar"ە. ئیشتار یەکێک لە مەزنترینی خواژنەکان، واتە خواژنی ئەوین و شەڕ بووە. لەلای ئیمپراتۆرییەکانی ئەوکاتی ناوچەکە وەکو بابلی و ئاشورییەکانیش، ئیشتار مەزنترین خواژن بووە. هەموو لێکۆڵینەوە کەوناری و ئێکۆلۆژییەکان لەسەر پێگەی ژیانی ئیشتار، ئەم راستییەیان سەلماندووە کە لەسەردەمی کەونارادا ژن رۆڵی حاکم و ناوبژیوانی لە کۆمەڵگادا بەئەستۆ بووە و خەڵکی ناوچەکە (مێزۆپۆتامیا) ئیشتاریان بە رێبەری خەڵک و خواژنی تێگەیشتوویی ناسیوە. هەروەها دەستەمۆکردنی ئاژەڵ و چاندنی دانەوێڵە لەم ناوچەیە بۆ یەکەمجار بەدەستی ژن و خواژنێک بەنێوی "**نین لیلی** Ninlili" ئەنجام دراوە. لەبەر ئەم توانایانە، ژن دەکرێتە خودا و دەگاتە ئاستی پەرستراوی خوداوبوون و بە پلەی "**خواژن**" (ئیلاهە) دەگا. بەڵام ئەوانەی کە لەدوای "**ئیشتار**" و خواژنەکانی دیکەوە بەجێماون لە دواکەوتووترین و لێقەوماوترین ژنانی جیهانن کە بنەمای خێزان و کۆمەڵگاش لەسەر ئەم ژنانە پێکهاتووە. تەنانەت ئەو شوێنانەی کە خواژنی لێ لەدایک بووە، خاپوور و وێران کراوە و هیچ شوێنەوارێکی ژنی پێوەنەماوە. ئەم شوێنەی کە بە لانکەی مرۆڤایەتیی ناوزەد دەکرێت، بۆتە گۆڕستانی مرۆڤایەتیی. چاوخشاندنەوە بە مێژووی ئەو سەردەمە وەکوو ئەوەوایە کە گۆڕەکان بدەینەوە و رۆحیان بە بەردا بکەینەوە.
لێرەدا بۆ زیاتر روونبوونەوە پێویستە کە لەڕووی ئەو سەرچاوانەی ئاماژە بەم ناوچەیە دەکەن، لە چەند خواژنێکی وەکو "**ئیشتار، زەنۆبیا** (Zenobia)**، کیلۆپاترا** (Cleopatra)**، سەمیرە، ئەمیسییەکان و هتد..**" بدوێین کە پێگەی کۆمەڵایەتی و کەسایەتیی ژنیان لە مێژوودا دەرخستووە.
لە شەڕ و پێکدادانی خواژنەکان لەگەڵ خواپیاوان لە **پانتیۆم**دا (مەجلیسی خوداکان کە 3000 خودا تێیدا بەشداربوون) خواژن "**تیامات** Tiamat" کە گەورەترین خواژن بوو، لەشەڕ لەگەڵ خواپیاو "**مەردوک** Marduk" دەدۆڕێ. خواپیاوان لە ترسی دەسەڵاتی تیامات و خواژنەکان، دێن پیلانێک بە دژیان دادەڕێژن و شەڕ هەڵدەگیرسێنن و بەم جۆرە سەردەکەون. هەموو خوداکان هەریەکەو بەشێک لە هێزی خۆیان دانا و مەردوک کە نیوەی پیاو و نیوەکەی دیکەی هەژدیها بوو، لەشەڕ لەگەڵ تیامات دا دۆڕا، بەڵام مەردوک دوای بەچۆکداهاتنی، لەپشتەوە خەنجەر لە تیامات دەدات و دەیکوژێت. هەتا ئەوکاتە بەشداریی ژن و پیاو لە مەجلیسی خوداکاندا یەکسان بوو. دوابەدوای کوژرانی تیامات لە مێژووی ئەفسانەدا، بەشداربوونی ژنان لە **پانتیۆم**دا بەرەو کەمبوون چوو، ئەوەش یەکەمین شکستی ژن بوو لە ئەفسانە و مێژووی ژناندا.


تیامات

لە مێتۆلۆژیی "**گیلگامێش**[2] Gilgamesh"دا ژن بۆ یەکەمجار لە لایەن پیاوەوە وەکو ئامراز بەکار هێنرا. ئەوەش بەم شێوەیە بوو کە "**تاپتیلا**" یەکەم ژنێک بوو کە گیلگامێش بۆ فریودانی "**ئەنکیدۆ** Enkidu" بەکاریهێنا بۆئەوەی لە سروشتیبوون دەری بێنێت و بیهێنێتە نێو کۆمەڵگای شارەستانییەوە. ئەوەش دووەم شکستی ژن بوو لە مێژوودا کە جەستەی وەکو ئامرازێک لە لایەن پیاوەوە بەکارهێنرا.
پاشان شوێنی پرستنی (پەرستگاکان) خواژنەکان کرا بەشوێنی خۆشگوزەرانیی بۆ پیاو و لەم شوێنە پیرۆزەی کە شوێنی پەرستنی خواژنەکان بوو، بە زۆرەملی دەستدرێژیی دەکرایە سەر ژن.
سەرهەڵدانی ئایین و تاکخودایی لەوکاتەوە دەست پێدەکات کە ئیتر ژن واتای پیرۆزی خۆی لەکیس دەدا. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ئایین بەم شێوازەی کە هەیە دابڕێژرێت و ژن تەنانەت لە بچوکترین ماف بێبەریی بکرێت. لەوکاتەوە بوو کە کەسایەتیی ژن هەتا ئاستی کۆیلەبوون نزم دەبێتەوە و وەکو کاڵا ساتوسەودای پێوەدەکرێت.
بە درێژایی **5000** هەزار ساڵە کە ژنان کویلە بوون و بە بێ کەسایەتیی و پێگەی ئینسانیی ژیانیان کردووە. بە هاتنی ئایین، ژن هەر بە تەواویی کەسایەتییەکەی حاشای لێدەکرێ و تەنانەت وەکو ئینسان چاوی لێناکرێت. ئەگەرچی زۆر بەدەگمەن کەسایەتیی گەلێکی وەکوو "**هاجەر، سارا، مریەم، زینەب، ئامینە، فاتیمە، ئایشێ و خەدیجە**" توانیان لە

سەردەستی ئایین لە گۆشەیەکی مێژوودا هەبوونی خۆیان بسەلمێنن و سەرەڕای ئاستەنگیەکان رۆڵی خۆیان لە پێکهاتەی ئایینەکاندا بگێرن.


ئاناهیتا

بەگوێرەی سەرچاوەکان، میزۆپۆتامیا وڵاتی بەرینی کوردان بووە و هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی ئایین و بیر و باوەڕەکان لەوێوە سەریانهەڵداوە، دەورێکی سیاسیی گرینگیش لەوێدا لەئارادا بووە و هێز و جێگە و پێگەیەکی دیاری لەخۆی نیشان داوە. ئیمپراتۆرییەکانی ئەوکات بۆ ئەوەی لەگەڵ دراوسێکانیان بتوانن ئاشتیی سەقامگیر بکەن، کچەکانی خۆیان پێشکەشی ئیمپراتۆری دراوسێ یان خاوەن هێز کردووە. لەو سەرچاوانەدا بێزاریی ژنی پاشای میسر هاتۆتە بەرباس کە کچە کوردێک پێشکەشی خودای میسر کراوە.
هەر لەو سەرچاوانەدا ئاماژە بەوە کراوە کە گۆیا باخچەی هەڵواسراوی بابل و باشووری میزوپۆتامیا بۆ کچە چیایی کوردستان درووست کراوە کە ژنی ئیمپراتۆری فارس بووە و دڵی بە کێو و چیاکانەوە کراوەتەوە.
بە گوێرەی گوتەکانی **"تۆمابوا Tumabuwa"**، ژنانی گۆتییەکان خاوەنی هێز بوون و گەلێ جار بە سوپا هێرشیان کردۆتە سەر گەلانی دراوسێی خۆیان و رۆڵێکی گەورەیان نیشانداوە. بە سەرنجدان بە ئاماژەکانی ئەم سەرچاوانە دەبینین کە ژنان دیسانیش رۆڵی خۆیان لەو سەردەمدا گێڕاوە، بەڵام زۆر بە دەگمەن باسی لێوەکراوە.

مێتۆلۆژیی **"زەردەشت"** کە یەکێکە لە گرینگترین مێتۆلۆژییەکانی کورد، ئاماژە بەوە دەکا کە لەم ناوچەیەدا، لە شەش **"ئیمشاسپەندەکان[4]"** واتە فریشتەی پیرۆز (خودا)، سیانیان ژن بوون. یەکێک لەم فریشتە ژنانە، کچی "**ئەهورامەز**"دا، نازناوی "**دایکی زەوی**" هەبووە. **"ئاناهیتا Anahita"** لە ئایینی زەردەشتدا **"خێوی ئاو"** بووە و هەر ئەویش بووە کە مەمکی ژنانی دووگیانی پڕ کردووە لە شیر و ژانی منداڵبوونی هێدی کردۆتەوە. هەروەها رۆژهەڵاتناسان بەم جۆرە باسی سەردەمی ساسانییەکان دەکەن کە ژنانێک وەکو **"ئازەرمیدوخت"** و **"پوراندوخت"** و **"هومای"** پاشای ئیمپراتۆری ئەوکاتی ئێران بوون.

پشتگوێ خستنی مێژووی کۆمەڵایەتی و کولتووریی و گرینگیدان بە مێژووی سیاسیی، نەک هەر کورد بەڵکوو هەموو رۆژهەڵاتی ناقین دەگرێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە نەتوانین دیمەنێکی راستەقینەی رۆڵی ژنان لە مێژووی کورد ببینین. هەربۆیە بە ناچاریی پەنا دەبەینە بەر ئەم یەک دوو سەدەی پێشووی مێژووی تۆماری کراوی کورد. ئەوەش بۆشایەکە کە لە مێژووی نەک هەر ژناندا بەڵکو لە مێژووی ئەم گەلەدا هەیە.
بەگوێرەی ئەو ئاماژەیەی کە مێژووناس **"هیرۆدۆت Herodotus"** دەیکات، مێزۆپوتامیا وڵاتی زانستی ئەستێرەناسی، بیرکاریی، کۆمەڵناسی، کشتوکاڵ و ئاسەنگەریی بووە و بەگشتی دەتوانین لەو لاپەڕانەی مێژوودا کە ئاماژەیان بە کورد و ناوچەکەی کردووە، ئەوە هەڵوێنجین کە کاتێک دوژمنان هێرشیان کردۆتەسەر وڵاتی میزۆپۆتامیا، یەکەم کارێکی کە کردوویانە پەرتووکخانەکانیان ئاگرداوە بۆ سڕینەوەی مێژووی ئەو سەردەمە. ئەوەش خۆی لە خۆیدا گەورەترین خەساری زانستیی بووە کە لە کە لە کولتووری ئەم گەلە کەوتووە و تەنیا بە پشتبەستن بە گوتە زارەکی و ئیحساسی و عاتیفییەکان ناتوانرێت راستەقینەی ئەو سەردەم بخوێنینەوە. هەر بۆیە گەلی کورد وەکوو نەتەوەیەک کە لە خاکێکی بە پیتدا ژیاوە، زۆرجار هێرشی بەم جۆرەی کراوەتەسەر و مێژوو و زانستەکانی بە تاڵان چووە.


وێنەی مێژوویی ژنە کورد

تا بەرەو قۆناغەکانی دواتری مێژوو هەنگاو دەنێین، سەرچاوەکانی مێژووی بە شانازیەوە باسی پلە و پێگەی هێندێ ژنی ناوداری کۆمەڵگای فیودالی و خێلەکیی نێو کوردان دەکەن. بەڵام ئەم نموونانە زیاتر پێوەندیان بە دەسەڵاتەوە هەیە، سەرەڕای ئەمەش سەرچاوەکان زۆر بەکەمی دەچنە نێو وردەکاریی پرسەکانەوە و تەنیا ئاماژە بە ناوەکان دەکرێت و زانیارییەکی ئەوتۆمان سەبارەت بە رۆڵ و هەلسوڕانی ئەوان ناکەن.

لە نووسەرە ناسراوەکانی جیهان وەکوو "**دیللا ڤالییە و سۆن، ئیدمۆندز، مینۆرکسی Vladimir Minorsky (1877 - 1966)، ڤیلجیڤسکی**" و زۆر نووسەری دیکە سیمای ژنی کوردیان تاڕادەیەک دەرخستووە. **"تۆمابوا"** رۆژهەڵاتناسی فەرانسەیی، لەمەر ژنانی کورد دەڵێ کە **"ژنان شانبەشانی پیاوان کار دەکەن و سەرەڕای ئەنجامدانی کاری دەرەوە، کاری نێوماڵیش بەئەوستۆی ئەوانە. خاڵێکی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لە نێو کوردان، ژنان لەپاش مردنی هاوسەرەکانیان جێگەی مێردەکانیان دەگرنەوە وەک هەلسوڕێنەری بنەماڵە یان هۆز، تەنانەت لە گۆڕەپانی شەڕیشدا ئەو رۆڵە دەگێڕن"**.

**"لیرزی"** ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ، سەبارەت ژنانی کورد دەڵێ، **"پەیوەندیی ژن و پیاوی کورد لە ئاستێکی بەرز دایە و پەیوەندی هاوسەریتی لە لایان زۆر بە نرخ و پیرۆزە. پیاوانی کورد باوەڕێکی زۆریان بە ژنانەکانیان هەیە و لە کۆمەڵگای کوردیدا پیاوەکان تاکە یەک ژنیان هەیە هەتا مردن"**.

هێندێک لە کتێبی مێژوونووساندا ڕاستەوخۆ ناوی هێندێک لە کەسایەتییە ژنەکان دێتەگۆڕێ، کە وتارەکە بە پێویستی دەزانێ لێرەدا ئاماژە بە بەرچاوترینیان بکات.

*"**دەوڵەت خانم"**: مێژوونووسی ناسراوی کورد **"شەرەفخانی بەدلیسی"** باسی **"دەوڵەت خانم"** ( 1316-1317، کۆچی مانگی) لە میرنشینی لوڕی بچوک دەکات کە لە دوای مردنی هاوسەرەکەی دەسەڵاتی گرتۆتەدەست. هەروەها زیاتر دەبیژێت کە لەو ناوچەیە کۆمەڵێک لە سەرۆک هۆز و خێڵەکان ئامادە نەبوون دەسەڵاتی دەوڵەت خانم بدەن و ئەویش ناچار دەبێ واز لە دەسەڵات بێنێت و دەیسپێرێت بە **"میرعیزەدین حوسەینی"** برای. هەروەها شەرەفخان لە بەشێکی دیکەی مێژووەکەیدا لە **"حەلیمە خانمی هەکاری"** (کوێخا نیرگزی شوان) دەدوێ کە لەو سەردەمەدا ناوبانگی هەبووە.



مەستوورە کوردستانی

*"**ماە شەرەفخانی ئەردەڵان"**: تا بەرەو ئەملاوەتر دێین ژنان زیاتر بەرچاو دەکەون و ئیدی دەبنە خاوەنی فکر و داهێنان و نووسین و چەند شاعیر و نووسەرێکیان لە ناودا هەڵدەکەوێ کە لەچاو ڕابوردوودا دەبێتە دیاردەیەکی نوێ. لەنێو ژنانی شاعیر و نووسەرانی سەدەکانی ڕابردوودا **"ماە شەرەفخانی ئەردەڵان"** (1805 - 1848) کە بە مەستوورەی ئەردەڵان ناسراوە، ڕۆڵێکی مەزنی وەک کەسایەتیی ژن بینیوە. مەستوورەی ئەردەڵان سەرەڕای نووسینی دیوانێکی شێعریی بە زمانی فارسیی کە بیست هەزار بەیتە (کەمتر لە 2000 بەیتی دۆزراوتەوە) و ساڵی 1926 لە ژێرناوی **"دیوان ماە شەرەف خانم کوردستانی - مەستوورە"** چاپکراوە، مێژووی ئەردەلانی نوسیوتەوە کە لە سەردەمی خۆیدا مێژوونوسینەوە تەنیا کاری پیاوان بووە. بە وتەی **"فاسیلییڤا"** خانمە ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیی، مەستورەی ئەردەڵان شوێنێکی تایبەتی لە هیستوگرافیی ئەردەڵان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە. دەستنووسەکەی مەستوورە، ساڵی 1946 لە سنە چاپکراوە و هەر هەمان ڕۆژهەڵاتناس کتێبەکەی وەرگێراوەتە سەر زمانی ڕوسی و ساڵی 1990 لە مۆسکۆ بڵاوکراوەتەوە. هەروەها جیا لە دیوانی شیعر و مێژووی ئەردەڵان، نامیلکەیەکی دیکەشی بە نێوی **"عقاید مستورە"** (بیروڕای مەستورە) بە زمانی فارسیی نووسیوە ئەم نامیلکەیە سەبارەت بە بۆچوونەکانی خۆیەتی لەسەر ئایینزای سوننی شافیعی.



خانزاد خان

* **"خانزادخان"**ی خوشکی میرسلێمان فەرمانڕەوای میرنشێنی سۆران، پاش ئەوەی والیی بەغدا میرسلێمان دەکوژێ، خانزاد خان وەکو ئەمیرەی سۆران دەبێتە جێگرەوەی براکەی و لە مێژووی کورد و ژناندا ناسراوە. خانزادخان لەکاتی فەرمانڕەواییەکەیدا بۆخۆی فەرمانڕەوایەتی میرنشنی سۆرانی وەئەستۆ گرتووە و کاروباری میرنشینەکەی ڕاپەڕاندووە.

بە وتەی مێژوونووسان، خانزاد خان زۆر شوێنەواری لەدوای خۆی بەجێهێشتوە. لەماوەی حەوت ساڵی دەسەڵاتیدا هەتا ئەوکاتەی کۆچی دوایی دەکا (1597 کۆچی مانگی)، چەندین قەڵا و خوێندگا و مزگەوت لەسەر فەرمان و بڕیاری ئەو دروستکراون، کە تا ئێستاش شوێنەواری بەشێکیان ماون؛ دیارترینیان گەڵی خانزاد، کۆنە دیوار و وێنەکەی چیای هەریر، قوڵغە سوپاییەکان لە ناوچەی هەریر و قەڵای خانزادە لەنێوان پیرمام و شاری هەولێردا. لە سەردەمی ئەودا شاری شەقڵاوە گەشەی زۆری کردووە و هاوینەهەواری **"قەرالیچە"**ی سازکردووە. لە هەمووی گرینگتر دەڵێن کە خانزاد خان بۆخۆی ڕاستەوخۆ لە هەموو شەڕەکاندا بەشداربووە.



عادیلە خانم

* **"قەرە فاتم"**: **"مەلا مەحمودی بایەزیدی"**یش باس لەوەدەکات کە لە کاتی شەڕی 1877، لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیادا **"قەرە فاتم"** لە ناوچەکانی قارس و ئەرزەڕۆمدا سەرکردایەتیی 500 سواری کوردی کردووە.

* **"عادیلە خانم"**: **مێجەرسۆن** کە ساڵی 1909 بەنێوی بازرگان دەچێتە هەڵەبجە و لە نزیکەوە عادیلە خانمی هاوسەری عوسمان پاشای جاف دەبینێ. بەوتەی مێجەرسۆن، عادیلە خانم ژنێکی بوێنە و تێگەیشتوو و خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز بووە. بۆخۆی بەتەنیا فەرمانڕەوای شارەزوور بووە. بێجگە لە کاری سیاسی، بۆ خۆی دادگایەکی دامەزراندووە کە بە عادیلانە تاوانبارانی سزا داوە و هەروەها لە شاری هەڵەبجەدا کۆشک و تەلاری جوان و بازاڕێکی باشی بۆ بازرگانیی دروست کردووە. ئەم بازاڕە سەرنجی عوسمانییەکانی لەسەردەمی خۆیدا ڕاکێشاوە و هەوڵیانداوە بە هەر شێوەیەک بێت بچنە نێو شاری هەڵەبجەوە،

بەڵام عادیلە خانم بەهیچ شێوەیەک دەرفەتی پێیان نەداون کە بچنە نێو حوکمرانیەکەیەوە. لەم دەڤەرەدا هەمووان رێزیان لە عادیلە خانم گرتووە و کەس لە فەرمانەکانی لاینەداوە هەر بەم بۆنەیەوە نازناوی "**جان بەهادوڕ**"ی یان پێبەخشیوە.
بەپێی بەڵگەکان، عادیلە خانم پاش کۆچی دوایی هاوسەرەکەی لە دوای شەری جیهانیی یەکەمدا سەرکردەی یەکێک لە گەورەترین هۆزەکانی کورد واتە هۆزی جاف بووە.


حەبسەخانی نەقیب

*"**حەبسەخانی نەقیب": ئیدمۆندز** لە حەبسەخانی نەقیب (1891 - 18953) هاوسەری شێخ قادری برای شێخ مەحمودی حەفید، دواوە و بە ژنێکی زیرەک و ناودار پێناسەی دەکات و دەڵی کە لە سیاسەتی ناوچەکەدا رۆلیکی گرینگی بینیوە و سەرگەورەی ژنانی شاری سولەیمانی بووە. وەک لە مێژوودا تۆمارکراوە کاتێ کە "**سمکۆی شکاک**" لە ساڵی 1923 چۆتە سلێمانی لە لایەن حەبسەخانەوە پێشوازیی لێکراوە و لە ژێر کاریگەریی و راسپاردەی ئەودا ژنان رژاونەتە سەر شەقامەکان و بەرەوپیری سمکۆ چوون. لە ساڵی 28.6.1930 یەکەمین کۆمەڵەی ژنانی بە نێوی "**کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد**" دامەزراندووە کە ئەمەش لە لە لایەن ژنێکەوە، ئەویش لە ناوەراستی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا نمونەیەکی کەم وێنەیە بۆ داکۆکیکردن لە مافی ژنان تەنانەت لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا. ساڵی 1930 نامەیەکی سیاسی – مێژووی بۆ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ژێنێف نووسی کە تێیدا بە راشکاویی داوای مافی چارەنووسی کوردی کرد. هەروەها بە هەموو توانایەکی دارایی‌ەوە هاریکاریی کۆماری کوردستانی لە مهاباد کرد و سوپانامەیەکی تایبەتیی بۆ پێشەوا نارد. یەکێکی دیکە لە کارە بەنرخ و بێوێنەکانی حەبسەخان کردنەوەی خوێندنگەیەک بووە بۆ ژنان کە لە کاتی ئێوارانداا بخوێنن و وەک باس کراوە تەنانەت بۆخۆشی دەبێتە قوتابی لەو خوێندنگەیەدا و ماڵی خۆی بەخشی و کردی بە خوێندنگە. ئەم خوێندنگەیە یەکەم خوێندنەگەی تایبەت بە ژنان بووە لە مێژووی کورددا.
ئیدمۆندز لە نووسینەکانیدا باس لەوە دەکات کە هێز و توانایەکی زۆر لە پێکهاتەی ژنی کوردا هەیە و هەمیشە هەوڵدەدەن خۆیان پێشبخەن و لەم بارەیەوە دەنووسێ: "**هەمیشە و لە یەکەم رۆژی دەستبەکار بوونمان لە ناوچە کوردییەکاندا بێوچان داوامان لێدەکرێ کە خوێندنگە بۆ کچان بکەینەوە و نەک تەنیا لە شار و شارۆچکەکان، تەنانەت لە گوندەکانیشدا**".
*"**رابیعە خانم**": رابیعەخانم سەرگەورەی نانەواکانی شاری سولەیمانی بووە، رۆڵێکی گرینگی بینیوە لە دابینکردنی نان لە کاتی شەڕەکاندا.

*"**فاتمە خانم**": فاتمەخانم رەواندزی لە دوای مردنی هاوسەرەکەی، کاروباری 8 گوندەی ئەو دەڤەرەی گرتۆتەدەست و هەموو جۆرە بازرگانیەکی کردووە. خەڵکی دەڤەرەکە ئەوەندەیان باوەر پێیبووە کە کردوویانەتە نوێنەری خۆیان.


مینا خانم

*"**ئەنجوم خانم**": پاش شەری یەکەمی جیهانی و لە ساڵی 1919دا بۆ یەکەمین جار، یەکەم رێخکراوەی ژنانی کورد لە ئەستەنبۆل دامەزرا. ئەنجوم خانمی هاوسەری موستەفا پاشای یاموڵکی سەرۆکی کۆمەڵەکە بووە. زۆرتر داوای مافی ژنان و کردنەوەی خوێندنگە و بۆ ئاشتیی نێوان گەلان کاری کردووە و لە بواری پەروەردەی منداڵاندا هەنگاوێکی مەزنی هەڵگرتووە. لە کاتی سەرهەڵدانی کەمالیزمەوە ئەم رێکخراوەیە پەرتەوازە دەبێ.

*"**فاتیمە محێدین و گوزیدە خانم":** فاتیمە محێدین و گوزیدە خانم هاوسەری عەبدولعەزیز یاموڵکی، ئەو دوو ژنە کوردە بوون کە زەنگی خوێندنیان لە باشوری کوردستاندا لێدا و سەرەرای هەموو ئاستەنگیەکانی سەررێگەیان بە درێژایی تەمەنیان هەوڵی فێرکردنی زانست بە کچانی کوردیان داوە.
*"**میناخانم**": میناخانم (1908 – 1996) هاوسەری نەمر پێشەوا قازی محەمەد، لە سەرەتای کار و خەباتی سیاسیدا پاڵپشتی پێشەوا بووە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا. لە سەردەمی کۆمار لە مهابادا رێکخراوی ژنانی بەنێوی "**یایا**" دامەزراندووە و بۆتە سەرپەرشتی ئەو رێکخراوەیە. هەر ئەوکات مینا خانم بۆ بەدەستهێنانی مافی ژنان و کردنەوەی خوێندنگەی ژنان، خەباتێکی مەزنی کرد ولە رێگەی رێکخراوەکەوە پێداگربوو لە چەسپاندنی مافەکانی ژنان لە کۆماری کوردستاندا.

(**<u>کۆتایی بەشی یەک</u>**)

## پەراوێزەکان:

1. ئەم وتارە لە مانگی حەوتی ساڵی **2007** لە **"سیمیناری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان سەبارەت بە پرسی ژن"**، پێشکەش کرا و دواتر لەژێر سەردێڕی **"مێژووی ژنانی کورد و رۆڵی لە شۆڕشەکاندا"** بڵاو بۆتەوە. لێرەدا بە هێندێک دەستکاریی بنەڕەتی و هەروەها دەستنیشانکردنی سەرچاوەکان، بە پێویستم زانی لە دووبەشدا بەناوی **"خواژنی دوێنێ، کۆیلەی ئەمرۆ"** بڵاویبکەمەوە. لە بەشی یەکەمدا، لەرووی سەرچاوە مێژوویی و مێتۆلۆژییەکانەوە باسی مێژووی دوور هەتا سەدەی رابوردووی پێگەی ژن لە کۆمەڵگا و بەتایبەتی لەو شوێنەدا دەکرێ کە ئێستاکە کوردستانی لێهەڵکەوتووە. لەبەشی دووەمدا، وتارەکە دەپەرژێتە سەر پرسەکانی چەند دەیەی رابوردووی رۆڵ و پێگەی ژنی کورد، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستاند
2. بەپێی ریزی پاشاکانی سومێر، **گیلگامێش** پێنجەمین شای **"ئوروک"** و کوڕی **"لوگالباندا"** بوو کە 2700 ساڵ پێش زایین، **125** ساڵ دەسەڵاتی سومێریەکانی بەدەستەوە بووە. ئەفسانەکان دەڵێن کە دایکی خواژنێک بووە بە ناوی **"نینسۆن"**. حیماسەی گیلگامێش کە یەکێکە لە کۆنترین و بەناوبانگترین حیماسەکانی ئەدەبیاتی شارستانیەتیی کەونارا، لە میزۆپۆتامیادا روویداوە. کۆنترین سەرچاوەیەکی کە سەبارەت بەو حیماسەیە لەبەردەستدا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێهەمی پێش زایین کە بە زمانی سومێری نووسراوە.
3. بە پێی **"ئاڤێستا"**، ئیمشاسپەندەکان، شەش خودان و لە هێندێک لە سەرچاوەکانی دیکەدا شەش فریشتەن و بە دەوری ئەهورامەزدای مەزنەوەن کە هەرکامیان واتایەکی تایبەتییان هەیە و بە ناسین و بەجێگەیاندنی فرمانی هەرکام لەم خودا یان فریشتانە، ئەهورامەزدا زیاتر و باشتر دەرک دەکرێت. هەروەها لە راڤە و لێکۆڵینەوەکانی ئاڤێستادا ئاماژە بەوە دەکرێ کە بەو شەش خودایە، خودای مەزن واتە ئەهورامەزدا پێک دێت. لە ئایینی زەردەشتیدا ئیمشاسپەندەکان یاریدەدەری ئەهورامەزدان بۆ دابینکردنی ئاشتی و پەرەپێدانی عەداڵەت. هەرکامێکیشان ئەرکێکیان لەئەستۆیە. ئیمشاسپەندەکان بریتین لە: **1.** **"وەهمەن"** یان **"وەهومەن"** (پیاو) بەمانای ئەندێشەی چاک و ئەرکی ئاژەڵە بەسوودەکانی پێیە. **2.** **"ئیشە وەهیشتە"** (پیاو) بەواتای راستبوونە. ئەم ئیمشاسپەندە پارێزگاری حەقیقەت و پشتیوانی ئاگرە. **3.** **"خشترە وەیریە"** (پیاو) واتای سەرکردەی چاکەی هەیە. **4.** **"سپەنتە ئارمیتی"** (ژن) بەواتای نییەت پاکی و دڵفراوانی و پاڵپشتی زەویە. **5.** **"ئاناهیتا"** و دەشڵێن **"هیوروتات"** (ژن) بەواتای کامڵبوون و پێگەیشتوویە و پاڵپشتیی لە ئاو دەکا. **6.** **"ئیمورتات"** (ژن) بەواتای هەرمانی و زیندووبوون و پاڵپشتی رووەکەکانە.
4. وێنەکان لە ئینتێرنێت وەرگیراون.

## سەرچاوەکان:


1. گیلگمش، برگردان احمد شاملو، تهران، نشرچشمه، ١٣٨٢.
2. "مانیفێستۆی ئازادیی ژن لە سەدەی بیست و یەک" دا، لە بڵاوکراوەکانی ئاکدیمیای ئازادیی ژن، چاپی 2003.
3. لە دەوڵەتی راهیبیی سومێرەوە بەرەو شارستانیەتی دیموکراتیک، بەرگی یەک، عەبدوڵڵا ئوجەلان، چاپی 2002.
4. ارزش زن در دینهای آسمانی، مترجم و نویسنده: دکتر احمد ایرانی، چاپ لس آنجلس، چاپ دوم 1999.

## خواژنی دوێنێ، کۆیلەی ئەمڕۆ
(بەشی دوو)

کاتێ باسی پێگەی ژن لە رۆژ هەڵاتی کوردستاندا دەکرێ، تووشی گوتارێکی ئەمرۆژین و سەردەمیانە نابین کە یەکسانیی ژن و پیاو بنرخێنێ و کەسایەتیەتیی ژن وەکو مرۆڤێک بە بێ جیاوازیی ببینێت، بەڵکو زیاتر رووبەڕووی فکرێکی نەریتیی دەستکاریکراو دەبینەوە کە ئەمەش زیاتر لە چوارچێوەی فکرێکی پیاوسالاریدا پێناسەکراوە.
زۆربەی خواستەکانی ژنان لە کۆمەڵگاکانی رۆژ هەڵاتی ناڤیندا لە پێشدا لە کۆمەڵگا و شارستانیەتەکانی دیکەوە وەرگیراوە و لەژێر کاریگەریی ئەو رووداوانەدایە کە لە دەوروبەریاندا روویانداوە و دێنەگۆڕێ. بۆ کۆمەڵگایەکی وەک رۆژ هەڵاتی کورستانیش سەرەڕای تایبەتمەندییەکانی خۆی لەژێر کارتێکردنی جووڵە و بزووتنەوەکانی سەرانسەری ئێران دابووە.
واتە ئەگەر هەر گۆڕانکاریی یان خواستێکی نوێ لە نێو گەلی کوردی ئەم پارچەیەی کوردستاندا هاتبێتە ئاراوە بەحوکمی بەشداربوونی لە پێکهاتەی گەلانی ناو ئێراندا، راستەوخۆ کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەوە و بەشێک لە خواستەکانی بە خواستەکانی ژنانی سەرانسەری ئێرانەوە گرێدراوە. بۆیە وتارەکە بە پێویستی دەزانێ پێش ئەوەی راستەوخۆ بچێتە نێو پرسی ژن لە رۆژ هەڵاتی کوردستاندا، خوێندنەوەیەکی بۆ سەر هەڵدانی وشیاریی ژن هەبێ لە ئاستی ئێراندا و پاشان بە شێوەیەکی بابەتیانە دەپەرژێتە سەر پێگەی ژنی کورد لەم بەشەی وڵاتی کوردداندا.

هەر وەک ئاماژەی پێکرا، هەر گۆڕانکارییەک لە کۆمەڵگاکانی رۆژ هەڵاتی ناڤیندا روو بدات، بە بێ هیچ کلۆجێک کاریگەریی لە گەلانی دەروبەریەوە وەردەگرێ. کرانەوەی ئەم وڵاتانەش راستەوخۆ لەژێر کاریگەری شۆڕشەکانی رۆژئاوادا بووە و لە پاش سەر هەڵدانی شۆڕشی پیشەکاری لە ئوروپا و گۆڕانکاری مەزن لە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەلگای رۆژئاواییدا ژیانی مرۆڤ پێی نایە قۆناغێکی نوێ و هەموو واتاکان پێناسەی نوێی بۆ کرا و پێگەی نوێی هەڵبژارد.
شۆڕشی پیشەکاری بووە هۆی ئەوەی کە پیاوان و کارگێڕانی کۆمەڵگای رۆژئاوای تێبگەن  کە نیوەی خەڵکی دنیا لە ژنان پێکهاتووە و بەبێ کەڵک وەرگرتن لەم هێزە مەزنە بۆ بەرهەمهێنان و هەڵسوراندنی ژیان، بۆشایی لە بەرەوپێشچوون ساز دەبێ. بۆیە بۆ کەڵکوەرگرتن لەم هێزە ئینسانییە دەستیان کرد بە چاکسازی، هەڵبەت ئەم چاکسازییەش دیسان بە وشیاربوونەوەی ژنان هاتە ئاراوە. بۆ نموونە بە دەسپێکردنی شەڕە جیهانییەکان پیاوان راستەوخۆ لە پێشەوەی شەڕەکاندا بوون و لە شوێنە پیشەییەکان و کارخانەکاندا ژنان توانییان ئەم بۆشاییە پڕ بکەنەوە. بە تێپەڕبوونی کات و پێویستبوون بە پسپۆڕی و زانست، ژنانیش توانیان لە ناوەندەکانی فێرکردن و بارهێناندا بەشدار بن و ئەمەش بووە هۆی وشیاربوونەوەی زیاتری ژنان.
پێش رێنێسانس و سەر هەڵدانی شۆڕشی پیشەکاری و شەڕە جیهانییەکان، ژن بەو هۆکارەی  کە بەشی هەرە زۆری وزە و چالاکییەکانی لە چوارچێوەی ماڵ و منداڵداری و کاروباری نێو بنەماڵە مانای پێدرابوو، هەمیشە بە ئەقڵ لاواز و ناکارامە دەناسرا. پێویستی مرۆڤ بۆ بەشداری لە بەشی پیشەکاریدا و هەروەها گەشەی زانست و کولتوور، ژنی ناچار کرد بۆ سەلماندنی توانستە فکرییەکانی رووبکاتە ناوەندە زانستی و فکرییەکان و خۆی لەگەڵ نیازە زانستیی و پەروەدەییەکانی کۆمەڵگا رێکبخات.
شەپۆلەکانی ئەم وشیاربوونەوەی ژنان لە ئوروپاوە گەیشتە وڵاتانی رۆژ هەڵاتی ناڤین و کەم تا زۆر کاریگەریی هەبووە لە سەر ژنانی ئەو کۆمەڵگایانەش. بۆ نمونە دەکرێ ئاماژە بە تورکیا بکرێ کە لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانی و پێش دەسپێکردنی شۆڕشی مەشروتەی ئێران، چاکسازی کۆمەڵایەتی دەست پێکردبوو کە بووە هۆی دامەزرانی خوێندنگەی کچانە و ناوەندی پەروەردەی ژنان. هەر لەو سەروبەندەشدا لە میسر چاکسازی کۆمەڵایەتیی وەڕێکەوتبوو.
کاریگەریی رووداوەکانی وڵاتانی دوروبەری ئێران و هەروەها خوێندنەوە و هاتنی شەپۆلی مافی ژن و یەکسانی لە ئوروپاوە، کۆمەڵگای ئێرانی داگرت کە هەمان مەشروتەخوازی و پەروەردەی ژنان کە ئەویش تێکەڵاو بوو بە خواستەکانی مەشروتەخوازی و هەروەها ویستە ناوچەییەکان کە ئامانجی سەرەکییش چاکسازی بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بوو.
لە ئێران بە تایبەتی لە کاتی مەشروتەوە، بزووتنەوەی ژنان ئاوا بوو بۆ ئاڵوگۆر لە باروودۆخی کۆمەڵگا و ژیانی ژنان پێک هێنا . لە دوای شکستی ئێران لەشەر لەگەڵ رووسیا، بارودۆخێک پێکهات  و ریگای هاتووچۆ بۆ دەرەوەی ئیران بە تایبەتی رۆژئاوا کراوە، و هاتوچۆکردنی ئوروپیاکان بۆ ئێران، کاریگەریی لەسەر شێوازی ژیانی رۆژانە و بیرکردنەوی گەل دانا. ئەوکات ژنان تێدەکۆشان بۆ چەسپاندنی داواکاریەکانیان لە دەسپێکی شۆرشی مەشروتە و لە نێو دەستوری گشتیدا. بەڵام بەهۆکاری گەرماوگەرمی شۆڕشەکە و درووستبوونی کەش و هەوای ناسیونالیزم سەرەتا نەیانتوانی ئامانجەکانیان بپێکن. فکری ناسیونالیزم لە میشکی ژنانی ئەو کاتیشدا پەرەی سەندبوو هەر بۆیە بەرلەوەی بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان تێبکۆشن، ئەوانیش تێکەڵاوی نەتەوەخوازیبوون. بە گشتی بیرۆکەی نەتەوەخوازیی بە مانا نوێیەکەی ناڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی فەڕانسە و هەروەها تەڤگەڕی رۆمانتیسیزمدا بوو و سەری هەڵدا. شەپۆلەکانی ئەم وەرچەرخانە لە مێژووی وشیاری مرۆڤایەتیدا گەیشتە رۆژ هەڵاتی ناڤینیش.

پێویستە ئەوە بگوترێ کە ئەگەر باسی گوتاری ناسیونالیزم دەکرێ، باسی واتایەکی مۆدێرنە کە لە رۆژئاوادا سەری هەڵداوە و لە بەستێنێکی تەواو پڕ گۆڕانکاری ئەویدا خۆی گرتووە، بەڵام ئەم واتایە کە هاتە رۆژهەڵاتی ناڤین و بەتایبەتی کە لێرەدا باسی ئێرانە، دەبینین کە چەمک و فکرێکی مۆدێرن لە زەمینەیەکەی تەواو سوننەتیدا لە هەولدابوو دەوڵەتێکی تەواو پێشکەوتوو مسۆگەر بکات. ئەمەش بوو بە هۆی دژوازییەکی قورس لە پرۆسەی جێگیرکردنی دەولەت - نەتەوەی مۆدێرن.


بەشداریی ژنانی مەشروتەخواز

ئەم دژوازییانە (پارادۆکس) راستەوخۆش توێژی ژنانی وەک بەشی بەرکار گرتەوە و بە گشتی ململانێیەکی زۆری لەنێوان نەریتە باوەکانی کۆمەڵگای ئێران و پرۆسەی دیموکراتیزەبوون و مافی هاوڵاتی هاتەئاراوە کە دیارە مافی هاوڵاتییش راست یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەگرێتەوە.
لەو سەردەمەدا رێژەی ژنانی مەشروتەخواز زۆر کەم بوو. بەڵام بەم حاڵە هەنگاوی زۆر بوێرانەیان نا. ژنانی مەشروتە خواز 2 ئامانجی سەرەکیان هەبوو:

1. وەدەستهێنانی مافە سەرەتایەکانی ژنان لە ئێراندا.
2. خەبات کردن لەدژی ئەقڵی کۆنەپەرستی (پیاوسالاریی).

لە ساڵەکانی 1911 دوای ئاڵوگۆڕی سیاسیی ناوچەکە و هێوربوونەوەی سەرهەڵدانەکان، لە "مەجلیسی شۆرای میللی" دەستوری نوێ دارێژرایەوە، لە دەستورەکەدا تەنانەت بە دێرێکیش باسیان لە مافی ژنان نەکرد و بەپێچەوانەی چاوەڕوانیەکانی چالاکانی مافی ژن، ژنان لە دەستووری نوێ دا تەنانەت مافی دەنگدانیانیشیان پێنەدرا. ئەمەش بووە هۆکاریک کە ژنان بە شێوەیەکی چالاکتر بێنە نێو مەیدانی خەباتەوە بۆ وەدەستهێنانی مافی خۆیان. هەر بۆیەش چالاکانی بواری ژن رێکخراوێکیان پێکهێنا بە پێشەنگایەتی "سەدیقەی دەوڵەت ئابادی". بەمشێوەیە خەباتی ژنان لە سەردەمی مەشروتەدا دەستی پێکرد. ئەوکات دوای بە پاشایەتی گەیشتنی رەزا شاە، رێژەی خەڵکی ئێران 10-12 میلیۆن کەس تۆمار کرابوو. بەڵام زۆرینەی دانیشتوانی ئێران لەوکاتەدا گوندنشین بوون. لێرەدا دەردەکەوێت کە چالاکانی ژن لەو سەردەمەدا تەنیا ژنە دەستڕۆیشتووەکانن (ئەریستۆکرات). چالاکان لەو باوەڕەدا بوون کە ئەگەر ژنان لە ماڵەکاندا بێنە دەرەوە و تێکەڵاوی کاری ناو بازاڕ بن و بەتایبەتی بە کاری بازرگانی سەرقاڵ بن دەتوانن، رۆڵی بەرچاو بگێرن بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتنی کۆمەڵگا. بەڵام ئەم هەڵویستە لە لایەن پیاوانەوە پەسەند نەکرا. تەنانەت قسەکردنی ژنان لەگەڵ پیاوان ناپەسند و بێشەرمی بوو.. هەروەها لەلایەن ژنانی چینی بۆرژواخوازیش دژایەتیی لەگەڵ ئەم فکرە کرا. لەبەر ئەوەی لە لای هێندێک ژنانی چینی بورژوا کارکردن لە نێو ماڵێشدا بە نەباش دەزانرا. بەڵام ئەم خواستە لە لایەن ژنان بەگشتی و چێنی کرێکار و رۆشنبیراندا پیشوازیی لێکرا.

گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای ئێران و بەرەوپێشچوونەکان لە بواری ژنان لەو سەردەمەدا وردە رودە هەموو بەشەکانی دیکەی گرتەوە. لە بواری رۆژنامەوانیدا خۆیان نیشاندا و هاتنە مەیدانەوە. بڵاوکراوەی "دانش" یەکەم بلاوکراوەیەک بوو کە لە لایەن خاتوو کەحلال" بڵاوکرایەوە و یەکەم بڵاڤۆکێک بوو کە تایبەت بە ژنان چالاکی کرد. پاشان بڵاوکراوەی "شکوفە" و رۆژنامەی "زبان" لە سەر پرسەکانی ژن چاپکران. ئەگەرچی لەو سەردەمەدا ژنان بە شێوەیەکی بەرچاو بابەتیان بۆ ئەو رۆژنامانە دەنووسی، بەڵام زۆرینەی ئەو ژنانە بە نێوی پیاوان یان بە نێوی نهێنی نووسینەکانیان بڵاودەکردەوە.
ناوەرۆکی نووسراوەکانی ژنان سەرنجی زۆری خوێنەرانی بۆلای خۆی راکێشابوو تا ئەو کاتەی کە کۆمەڵگا ناچاربوو بە ئاشکرا ناوی ژنان وەکو نوسەر وەربگرن.
چالاکی ژنان هەر بەوە نەوەستا و رووی لە بوارەکانی وەک مۆسیقاش کرد. ئەگەرچی یەکەم هەنگاوەکان بۆ کاری هونەر لە نێو حەرەمسەرای پاشاکانی قاجاردا دەستی پێکرد بەڵام بەسەرنجدان بە بیروباوەری ئایینی ئیسلام کە گۆرانی بێژی و ژەنیاریی و سەمای ژنان لە بەرچاوی پیاوان حەرام بوو، توانی ببێتە رچەشکاندنێک بۆ دەرخستنی توانستی ژنان.

پاش شۆڕشی مەشروتە و هەڵوەشانەوەی حەرەمسەراکان لە کۆشکی پاشاکاندا، هەروەها لەگەڵ هاتنی ئوروپاییەکان بۆ ئێران، هێندێک لە ئامێرەکانی مۆسیقاشی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ نێو ئێران. ئیدی ئەگەر پێشتر مۆسیقا بۆ رابواردن

بەکاردەهات، لە درێژەی شۆڕشی مەشروتەدا هاوکات لەگەڵ باقی گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران مۆسیقاش پێگەیەکی نوێی بەدەستهێنا و ژنانیش وەکو هونەرێک و تەنانەت پێشە توانیان کاری تێدا بکەن .
ژنان لە هونەری شانۆش دا توانیان سەرەڕای هەموو ئاستەنگی نەریتی و ئایینی خۆیان نیشان بدەن. شانۆ لە ئێراندا مێژوویەکی کۆنی هەیە. بە هاتنی ئایینی ئیسلام هەموو جووڵەکانی کۆمەڵگا رەنگی ئایینی بە خۆیەوە گرت. بە هۆی حەرامبوونی دەرکەوتنی ژن لە ئایینی ئیسلامدا ژنان هیچ جێگەو پێگەیەکیان لە شانۆدا نەبوو بەڵام لە ژێر کارتێکردنی فکری رۆژئاوایی گروپە کانی شانۆی ئایینی توانیوان رۆڵ بە بەشداریی ژنان بدەن. یەکەم شانۆییەک کە بە فەرمی نوێندرا خاتوو " سونا قەفقازی" رۆلی تێدا گێرا. ئەو کات ژنانی باکوری ئێران (گیلان) پێشوازییان لەم رچەشکێنییە نەکرد و تەنانەت دەرهێنەری شانۆییەکەش بە کافر لەقەڵەم درا و تەنانەت بە گلاویان دانا. پاش ماوەیەکی زۆر بە پەرەسەندنی چالاکیی ئەنجوومەنەکانی ژنان، ژن وەکو ئەکتەر هاتە سەر شانۆ و ئیدی ئەمە بوو بە رێخۆشکەر بۆ دامەزرانی گروپی شانۆیی ژنان لە تاران وشارەگەورەکانی دیکەی ئێران.
لە بواری رێکخستندا پاش قۆناغی پاشایەتیی مەحەمەد عەلی شای قاجار، رێگا کراوە بۆ درووست بوونی حیزب. ئەوەش رێی خۆش کرد هەتا داواکاریەکانی کۆمەڵگا بێتەسەر زمان لە سیاسەتی رۆژانەدا. هاوکات رێگا کراوە بۆ ئەوەی ژنانیش بە شێوەیەکی فەرمی بتوانن لە نێو


ئەنجومەنی ژنان لە پاش شۆرشی مەشروتە

حیزبەکاندا بەشداریی بکەن.لە ساڵەکانی 1909 و بە دواوە ژنان بەشێوەی رێکخراو هاتنە نێو خەباتی سیاسیەوە و ئەم جووڵەیەش لە تارانەوە سەرچاوەی گرت و لە شارەکانی دیکەی ئێران ئاسایی بۆوە و ژنانی شوێنەکانی دوور لە پایتەختیش هێدی هێدی رێکخراوی خۆیان درووست دەکرد. خاڵیکی دیکە کە لە سەردەمی محەمەد عەلی شادا پێویستە ئاماژەی پێبکرێ لابردنی زۆرەملیانەی رووبەند (حیجاب) بوو لەسەر ژنان بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە کولتووری کۆن. ئەوەش لە لایەن پیاوانەوە زۆرینەی ژنان لە ماڵی خانەنشین بکرێن و مافی چوونەدەرەوەیان لە لایەن بنەماڵەکانیان لێسەندراوە. نەریتیبوونی کۆمەڵگا و هەروەها فکری چەقبەستووی ئایینی کۆمەڵگا لە چوارچێوەیەکی مەنگدا مابۆوە، بۆیە محەمەد عەلی شا لە بن کاریگەری ئوروپاییەکان خوازیاری گۆڕانکاری لە سیستەمی کۆمەڵگای ئەو کاتی ئێراندا بوو و دەیویست ئێران بەرەو وڵاتێکی پێشەکاری ببات. بەڵام لەبەر ئەوەی دەیویست خواستەکەی یەکشەوە رۆبنێتە نێو کۆمەڵگا، بە زەخت و هەڕەشە رووبەرووی نەریت و یاساو رێسای ئایینی بۆوە و ئەمەش نارەزایەتییەکی زۆری لێکەوتەوە، بە تایبەت لە لایەن توندڕەوە ئیسلامیەکانەوە کاریگەری نێگاتیڤی لەسەر پێشکەوتنی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا هەبوو و بازنەی چالاکیی ئەوانی بۆماوەیەک بەرتەسکتر کردەوە.
ئەگەرچی لەکاتی رەزا شادا، ئەم بارودۆخە هێورتر بۆوە و ئازادی هەڵبژاردن درا بە ژنەکان کە بە حیجابەوە بگەرێن یا بێ حجاب. بەڵام لە شوێنە فەرمیەکاندا حیجاب بۆ ژنان قەدەغە کرابوو، بە تایبەتی لە خوێندنگاکاندا ئەوەش بەپێی فکری ئەو سەردەمە نەدەگونجا. ئەم خواستانەی شا وای کردبوو کە ژنان لە لایەن بنەماڵەکەیانەوە زۆرتر بچەوسێنەوە و دەسەڵاتی باوک و برا لە سەریان زۆرتر بێت و لە ژێر نێوی پاراستنی ناموس ئەوەندەی دیکە زەخت بخەنەسەر ژنان. لە قۆناغی دووەمی پاشایەتی رەزا شادا لە لایەک بەربەرەکانێ بە دژی فکری ئایینیی و لە لایەکی دیکەوە خۆڕاگری و نارەزایەتی کۆمەڵگای نەریتی و ئایینی لەبەرامبەر سیستم ئەوەندەی دیکە پەرەیسەند و لەئاکامدا سەرکوتی نارەزایەتییەکانی بەدوادا هات. ئەوەش بووە هۆی رەگاژۆکردنی ئەقڵیەتی ئیسلامی و سەرهەڵدانی گەل لە ئێراندا. لوتکەی ئەم سەرهەڵدانە لە شۆڕشی ساڵی 1978 و ئەنجامەکەشی رووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی بوو. لەو شۆڕشەدا زۆرینەی ژنان پێشتیوانیان لە سەرهەڵدانەکاندا کرد و لەزۆر بواردا پێشەنگ بوون. بەڵام دوای هاتنەسەر کاری حکومەتی کۆماری ئیسلامی بە پێشەنگایەتی مەلاکان، ژنان لە ماڵەکانیاندا جارێکی تر توندکرانەوە. هەر لە سەرەتای دامەزرانی حکومەتی ئیسلامی ئێران ئەو دەستورەی کە بە پێی شەریعەتی ئیسلام نووسرا تاکە مافێکی کە بۆژنانی دەستنیشان کرد مافی دەنگدان بوو و لە هەموو مافە سەرەتاییەکانی وەک مرۆڤ بێبەری کران. لە دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەم خاڵانەی خوارەوە بە سەر ژنان دا سەپاوە.

1. حجابی زۆرەملیی بۆ ژنان.
2. تەمەنی هاوسەرگیری بۆ ژنان کەم کرایەوە بۆ 9 ساڵ، ( بە خواستی دایک و باوک).
3. هەر دوو ژن بە یەک پیاو دادەندرێت لە کاتی شاهیدی دادگادا.
4. بەردەباران و ئێعدام بۆ ژن لەسەر ناوی ناموس.

5. ژن بە بێ ئیزنی باوک، برا، مێرد یا پیاوانی بنەماڵەکەی وەکوو مام و خاڵ هتد.. مافی هێچ چەشنە کارێکی پێ نادرێت.
6. پیاوان دەتوانن بە مەیلی خۆیان هەر چەند ژنێک کە دەیانەوێت، وەک هاوسەر بهێنن.
7. هاوسەرگیری بە شێوازی سیغە ئازادە.
8. مافی جیابوونەوە تەنیا بە پیاوە و ژن ناتوانێ داوای جودابوونەوە لە هاوسەرەکەی بکات.
9. ژن مافی خۆپاڵاوتنی بۆ پۆستی سەرۆککۆماریی نییە و... .

لێرەوە و بەسەرنجدان بە سیستمی حکومەتی ئێران، ژنی کورد جارێک وەک ژن لەکۆمەڵگای خۆی و لە ئاستی ئێراندا و جارێکش وەکو کورد رووبەرووی زۆر ئاستەنگی دەبیتەوە کە بەشی سێی وتارەکە، بەتایبەتیی پێگەی ژنی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەخوێنێتەوە.

درێژەی هەیە....